**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٢١٢٠٧ لە ٢٠١٧/١٢/٢٨**

**بەیانی ژمارە ( ١٨ )ی ساڵی ٢٠١٧**

**هەمواری ڕێنمایی ژمارە( ١ )ی ساڵی ٢٠١٧تایبەت بە تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی تۆمار نەکراو**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، دوابەدوای ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ تایبەت بە تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی تۆمار نەکراو کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٢١٢) لە ٢٠١٧/٦/٦ بڵاوکراوەتەوە و بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٧ کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٢١٦) ٢٠١٧/١٠/١٠ بڵاوکراوەتەوە ، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بەهەموارکردنەوەی ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەی خوارەوە :

**ماددەی ( ١ ):** هەموارکردنی ماددەی یەکەم بڕگەی(١) لە ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :

ئۆتۆمبێلی هەڵگری تابلۆی بیانی (ژمارە ئەورووپی) بەهەموو جۆرەکانیەوە کە تا (٢٠١٧/٦/١) هێنراونەتە ناو هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی یاسایی لە دەروازە سنورییەکان لە مودێل (٢٠٠٠) بە سەرەوە .

**ماددەی ( ٢ ):** ماوەی جێ بەجێ کردنی ماددەی یەکەمی ئەم بەیانە لە (٢٠١٨/١/١) تا (٢٠١٨/١/٣١) پاش تەواو بوونی ئەم ماوەیە ئەگەر ئوتۆمبێلەکە تۆمار نەکرێت بە هەڵوەشاوە دادەنرێت .

**ماددەی ( ٣ ):**ماددەی یەکەم و دووەمی ئەم بەیانە تەنها ئوتۆمبێلی بیانی ژمارە ئەورووپی دەگرێتەوە و مانای درێژکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ناگەیەنێت کە لە ٢٠١٧/١٢/٣١کۆتایی دێت .

**ماددەی ( ٤ ):** ئەم بەیانە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٧**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێی ماددەی (نۆیەم بڕگە/٢) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (١٩١٢/١١) لە ٢٠١٧/٧/٢٦ بڕیارماندا بە :-

- ڕایی کردنی ئیش و کارەکانی هاووڵاتیانی هەر دوو شارۆچکەی (کەلەك) و (بشیریان) ڕاسپێردرێت بەتێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی بەردەرەش .

**نەورۆز مەولود محەمەد ئەمین**
**وەزیری داد بە ( وەکالەت )**